# تراژیدیای
# کوردەکانی سۆڤێت



د . ئەفراسیاب هەورامی

# تراژیدیای
# کوردەکانی سۆڤیەت

د. ئەفراسیاب هەورامی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ك)
سلیمانی- ٢٠٠٤

❖ تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت
❖ نوسینی: د. ئەفراسیاب هەورامی
❖ پیتچنین: لاس
❖ نەخشەساز: بورهان جۆلا
❖ تیراژ: (١٥٠٠) دانە
❖ ژمارەی سپاردن: ( ٢٨١ ) ساڵی ٢٠٠٤
❖ زنجیرە: (٥٢ )

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ک)
سلێمانی ٢٠٠٤

کاتێك کردەوەیەکی ناڕەوا بەرامبەر بەمرۆڤ یان کۆمەڵەو نەتەوەیەك لەهەر کونوقوژبنێکی ئەم دنیایە دەکرێت، لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یان دەوڵەتێك یاخود رێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتییەکانەوە ئەم ناڕەواییە لەقاودەدرێت یان دژی پرۆتێست دەکرێت‌و بەگشتی بەرگریی لێدەکرێت بۆئەوەی نەتەنیا لەو شوێنە، بەڵکو لەشوێنی‌تر ئەم ناڕەواییە دووپات نەکرێتەوە، بەتایبەتی کاتێك بەرامبەر بەگەل یان نەتەوەیەکی وەك گەلی کورد کەدابەشکراوەو کیانێکی نییەو ناتوانێت دەنگی گەلەکەی بەرێگەی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە وەك UN بەدنیادا رابگەیەنێت‌و پارێزگاری لەگەلەکەی خۆی بکات.

بەداخەوە" ئێمە نەتەنیا مافی دروستکردنی کیانی نەتەوەیی‌و سروشتیی خۆمان پێڕەوا نەبینراوە، بەڵکو وەکو زۆر گەلی بندەستی‌ترو بێکیان یان گەلی بچووکی‌تر نوێنەری چاودێریشمان لە UNدا نییە، بەڵام خۆ رێکخراوو پارتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌و کەسایەتیی رووناکبیرمان چ لەدەرەوەو چ لەناوەوە

یەکجار زۆرە، خۆ دەتوانین کۆمەڵگەی جیهانی کەم یان زۆر بەنامەو بەخۆپیشاندانو مانگرتن یاخود لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە سەرنجی خەڵك رابکێشین، ئەگەر ئەوەشمان زۆرجار نەکردووە یان نایکەین، خۆ دەتوانین گەلە دابەشکراوەکەی خۆمان لەکوردستانو دەرەوەی کوردستان لەسەر ئەو تاوانو ناڕەواییانەی کەبەرامبەر هاونیشتمانەکانمان دەکرێت ئاگادار بکەینەوە.

مەبەست لەنووسینی ئەم وتارە" ئاگادارکردنەوە یان ئاگادارییەکە بۆ هەمووان، ئەویش تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت (کوردستانی سوور یان قەفقازیا-روسیای پێشووە)، کەکۆتایی بۆ نییەو ئەگەر پێشگیری لێنەکرێت، دیمەنێکی خەمناکتر یان گەورەتر بەخۆوە دەبینێت، بۆیە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییو مرۆڤایەتیی هەموو کوردێکە بەرێکخراوو پارتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانەوە، کەهەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ پشتیوانیکردنی هاوولاتیانی خۆیان هەڵبگرن. یا وەك سەردەمی سۆڤیەت بەرامبەر بەو هەموو تاوانەی کەرژێمی

سۆڤیەتی بەرامبەر بەکوردەکانی خۆی کردی‌و لەنیشتمانی خۆی دەربەدەری کردن" بێدەنگ نەبین. بائیمرۆیش وەك دوێنێ فریوی تاقم‌و کەسانێك نەخۆین، کە بەدرۆو بەپێچەوانە لەسەریان دەدوێن یاخود لەباسکردنیان خۆ دەپارێزن.

لەسەرەتای مانگی (٥)ی ساڵی ٢٠٠٢، دەزگاکانی راگەیاندنی روسیا بەتایبەتی چەند کەناڵێکی ناوەندی تەلەفزیۆنی هەواڵی بڕیاری پارێزەری (محافظ یان ئوستاندار)ی شاری کراسنادار، کەناوەندی هەرێمی کوبانە، سەبارەت بەدەرکردنی ئەو پەنابەر یان راکردووانەی دەرکرد کەئیقامەیان نییەو بەشێوەیەکی نارەسمی‌و نایاساییانە لەهەرێمەکە دەژین، کەگوایا لەبەر زۆربوونیان هەڕەشەو مەترسییان خستووەتە سەر قەوارەی نەتەوەیی ناوچەکەو ئەگەر وا بڕوات، لەداهاتوودا لەوانەیە ژمارەی پەنابەران لەدانیشتووانی ناوچەکە زیاتر ببێت‌و بەدامودەزگاکانی پۆلیس‌و پاراستنی دەستوور دراوە کەئەو کەسانەی کەفامیلەکانیان بە(یان) واتە (فامیلی ئەرمەنی) یان

(ئوغـلی)، (فامـیلی ئازەری) یان (دزە) فامـیلی (گورجییەکان) کۆتـایی پێدێـت، کەفامـیـلی کوردەکانـیش زۆربـەیان ئەرمـەنیو ئـازەرین، لەبەرئـەوە ناسـنامەو پاسـپۆرتەکانیان لـەو کۆمارانـە وەرگرتووە، دەبێت دەربکرێنو تەنانەت لەژێر چاودێریو کۆنترۆڵو بەرێکردنی هێزی پۆلیسو قەزاق یان لەشکری بگرە پارەی بلیتی فـڕۆکەو شـەمەندەفەرو ماشـینیان پێدەدرێـتو ئەگـەر هـاتوو بەرەنگاریـیان کـرد لەئۆردوگاکان کۆبکرێنەوەو بەرەبەرە بەرێیان بکەنـەوە بۆ وڵاتی خۆیان یان لەو جێگایانەی کەلێیەوە هاتوونو بۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕێکخـراوە چـەکدارەکانی قـازاقو پۆلـیسو ژمـارەیـەك لەدەستەو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی ناوچە پێکەوە بـۆ جێبەجـێکردنی دەسـتووری ئەلیکسـاندەر تکاچـۆڤ دەکەونـە گـرتنو لـێدانی سەرڕەشـەکان، کەلـێرە پێـیان دەڵـێن" خـەڵکی قـەفقازو تەنانـەت دەکەونـە پشـکنینی ماڵەکانیانو دەچنە چەند گونـدو ناوچـەیەكو هەڕەشە لەقەفقازییەکان دەکەن، کەخۆیان بۆ ناردنەوە ئامادە بکەنو پاسپۆرتەکانیان لێوەردەگرنو...

لەسەر جادەو کۆڵانو ناو بازاڕەکانیش دەست بەلێدانو سووکایەتیو گرتنیان دەکەن، جەریمە دەکرێنو دەست بەسەر سەروسامانیان دەگرن یان تێکوپێکی دەدەن یان لەلایەن هەندێ باندەوە دەسووتێندرێن، کەهەواڵدەرەکانی تەلەفزیۆن کۆمەڵە دیمەنێکیان پیشاندا. دەزگاکانی راگەیاندنی ناوچەکەش وەك رۆژنامەو تەلەفزیۆنو رادیۆکان خەڵکی ناوچەکە بۆ دەرکردنی قەفقازییەکان هانددداو پروپاگەندەو هەراوهوریایەکی زۆریان دەستپێکردووەو بەنووسینی دروشمیش لەسەر دیواری کۆڵانو جادەکان داوای گەڕانەوە یان سووکایەتییان پێدەکەنو لەتەلەفزیۆنەکانی ناوەندی روسیا لەمۆسکۆ چەند رۆژ لەسەریەك بەرگەی هەندێك لەڕەفتاری پۆلیسو قازاقەکانی کراسنادariyan پیشاندا، کەچۆن رەفتار لەگەڵ سەرڕەشەکانی قەفقاز دەکەن، کەمرۆڤ بەدیتنی ماڵو گوزەرانو جلوبەرگی ئەو خەڵکە، هەروەها ئەو ترسو بێدەرەتانییەی کەپێوەیان دیاربوو ئاگری بەردەبوو،

جگــه لەوانــەیش دیمەنــێکی قەبرســتانی ئەرمــەنی پیشــاندا کەتێکوپێك درابوو و کێلەکانیان شکاندبوو و...

دەســتووری کاربەدەستانی هەرێمی کوبان بەتایبەتی پارێزەر ئا. تکاچـۆڤ، کـه بەپێچەوانەو دژی یاسای ناوەند بوو، لەبەر گوشارو رەخــنەو پرۆتێســتی کۆمەڵــەو رێکخــراوو کەســایەتییەکانی پارێـزەرانی مـافی مـرۆڤو هـەروەها کاربەدەستانی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت" راگیرا، ئەگەرچی دەبووایە تکاچۆڤیان نەتەنیا لەسـەر کـار لابـردبا، بـەڵکو سـزاش درابـا لـەناو ئـەو گەلانـەی کـەداوای دەرکردنیان دەکردن، جگە لەئەرمەنیو ئازەریو تورکی میسـفەتینی، نـاوی کوردیـش دەهـاتو هـەندێك جـار کـورد و یەزیدیـیان بـەدوو نەتـەوەی جـیاواز دادەنـاو بەپـێی بـڕیاری (دادستانی- مدعي عام) لەو هەموو هەراو هوریایە تەنها (٣٠) مـاڵ لەناوچـەکە دەرکـرانو ئەوانـیش کـورد بـوونو بەرەسمـیش لەتەلەفزیۆنو رۆژنامەکان راگەیەندرا، ئیتر لەناو چەند سەد هەزار ئەرمـەنیو ئـــازەریو جۆرجیو گەلانیتر لەناوچـەکەدا دەژیـن،

(٢٥-٣٠)هەزار کورد لەوێ دەژین، کە لەچاو زۆربوونی گەلانی‌تر لەوێ هەر نەدەبووایە باسی کورد کرابایە، کەچی تەنها بڕیار لەسەر دەرکردنی (٣٠)بنەماڵەی کورد دەدرێت، چونکە کورد بێ پشتیوانە، بێکەسە، وەك ئەرمەنی‌و ئازەری‌و گەلانی‌تر کیان‌و دەوڵەتی نییە تا لەسەریان بەجواب بێت، تا پرۆتێست‌و رەخنەو پەرۆشیی خۆیان بەرامبەر بەو سیاسەتە ئاراستەی دەوڵەتی روسیا بکەن‌و داوای راگرتن‌و کۆتاییهێنان بەم تاوانە بکات‌و کوردی بێدەرەتان سەفارەت‌و کونسوڵ یان ناوەندێکی لەڕوسیا نییە یان بەپێچەوانەی ئەرمەنی‌و ئازەری‌و جۆرجی، کەسیان لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی‌و نادەوڵەتی لەڕوسیا نییە یان کەسایەتی زاناو خاوەن دەور، وەك نووسەرو رۆژنامەوان‌و هونەرمەندو...هتدی لەڕوسیا نییە، کەدەنگی خۆیان بەرزبکەنەوەو بیروڕای دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی روسیا بۆ ئەو نارەوایەتییە رابکێشن. کوردناسەکانیش بەڕووس‌و بەکوردەوە، بەپارت‌و رێکخراوە کوردییەکانەوە، بەرامبەر بەم تاوانانە

بێدەنگن و تەنانەت بەنووسینی وتارێك یان كۆبوونەوەیەك یان میتینگ یان كۆنفرانسێك تاووتوێی ئەم رووداوەیان نەكردو لەبەرامبەر ئەو نارەواییەی كەبەرامبەر بەكورد دەكرێت هاوارێكیان لێوەنەهات.

ئەگەرچی پێش ئەو رووداوانەی كراسنادار، هەرلەوێ و لەشارەكانی تری روسیا بەتایبەتی لەمۆسكۆ گەلێك رووداوو هێرشی ناسیۆنالیستەكان و ئازارو راونانی سەرڕەشەكان لەلایەن ئەوان و پۆلیسەوە هەبووەو هەیە، كەگرتن و كوشتنی زۆری بەدواوە بوو، چاپەمەنییەكانی روسیاو دنیاش لەسەریان نووسیوەو دەنووسن، گەلێك جاریش ئەم هێرش و كوشتن و تەنگ پێهەڵچنینە جگە لەسەرڕەشەكانی قەفقاز، خەڵكی ولاتانی ئەمریكای لاتین و ئەورووپاو ئەفریقاو ئاسیاشی گرتووەتەوە، كەزۆربەیان خوێندكارو گەڕیدە یان تۆریستن یان فەرمانبەر بوون و كەوتوونەتە بەر شالاوی ئەم هێرشانە، كەبوو بەهۆی رەخنەو پرۆتێستی دەوڵەتەكان و باڵوێزەكانیان لەمۆسكۆو

سەرەنجام بوو بەهۆی کۆبوونەوەیەکی گشتیی تەواوی سەفیرانی وڵاتانی دەرەوە لەمۆسکۆ لە ٢٠/٥/٢٠٠٢، کە بەشێوەیەکی رەسمیی و هاوبەش لەرێگەی وەزارەتی دەرەوەی روسیاوە پەرۆشیی و پرۆتێستی خۆیان سەبارەت بەو مەترسییەی کە لەهاووڵاتییەکانیان لەروسیا دەکرێت دەربڕی و داوایان لەدەوڵەتی روسیا کرد" کەبۆ بەرگری لەو کردەوانە هەنگاو هەڵبگرن و دەوڵەتی روسیایان بەبەرپرسی ئەو رووداوانە دانا. زۆری پێنەچوو دوای چەند رۆژێک، واتە" لەرۆژی لەدایکبوونی هیتلەر، نازییەکانی روسیا کە (٢٧)ملیۆن کەس لەهاووڵاتییەکانیان لەشەڕی جیهانیی دووەم بوونە قوربانی هێرشی نازییەکان، لەساڵرۆژی لەدایکبوونی هیتلەر بەتایبەتی لەمۆسکۆ بەهێرشبردنە سەر سەرڕەشەکان و دروشم نووسین وەك (روسیا بۆ روس)، (روسیا بۆ سپی پێستەکان) و... کۆمەڵگەی روسیای هەژاند، کە لەلایەن رێکخراوو کەسایەتیی پارێزەرانی مافی

مـرۆڤی روسـیاو جـیهانەوە لەقاودراو دەوڵەتی روسیا ناچارکرا بۆ بەرگری لەو کردەوانە هەنگاو هەڵبگرێت.

هێـنانەوەی ئـەم وێنانەو دەیان وێنەیتر، کەزۆر زەحمەتە مرۆڤی کـورد لـەدەرەوەی روسـیا هەسـت بەقوولـبوونی تـراژیدیای هاوولاتـیانی خۆیان بکەن لەتواناو وتارێکی وەك ئەوەی ئێستادا نییە.

گومـان لـەوەدا نیـیە ئەگـەر ئیێمەی کورد کیانو دەوڵەتێکمان هەبووایـە، سـتالین یـان رژێمـی سۆڤیەتی نەیدەوێـرا کوردەکانی سـۆڤیەت لـەخاکی باوباپیرانـیان واتـە ئـەو نیشـتمانەیان کەبەلشـەویکەکان دانـیان پـێداناو کوردسـتانی سـووریان لێدروسـتکرد" دەربکـاتو کـیانەکەی هەڵبووەشێنێتەوەو زۆربەی دانیشـتووانەکەی بگوازێـتەوە بـۆ کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو. کـورد تەنانـەت وەك ئـەو گەلانـەی کـە لەگـەڵی یـان پاشـتر دوورخـرابوونەوەو قـەوارەو کیانـیان لێسـەندرابووەوە، وەك: کالمـیکەکان، چیچـانییەکان، کاباردیـنەکانو... پاشـان لەژێـر

گوشاری ناوخۆو دەرەکی بەلشەویکەکان ناچاربوون بۆیان بگەڕێننەوە، کەچی بۆ کورد نەگەڕانەوەو ڕەوابوو دروستنەکردنەوەی کوردستانی سوور.

یاخود کورد بەپێچەوانەی گەلانێك وەك: کۆریەکانو یۆنانییەکانو ئەڵمانییەکانو بگرە جوولەکەکانی سۆڤیەت، کە بەرامبەریان ناڕەوایی کرابوو، دەوڵەتەکانیان بەهەموو ڕێگەو بەهەموو توانای خۆیانەوە فریایانکەوتنو داوایانکرد" ئەوەی کەدەیەوێت بگەڕێتەوە کۆماری کۆریاو یۆنانو ئەڵمانو ئیسرائیل، ئامادەی وەرگرتنیاننو لەسۆڤیەتی پێشوو کۆمارە جیابووەکانی بەرێگەی باڵیۆزخانەو کونسوڵەکانیانەوە پاسپۆرتو بلیتی گەڕانەوەیان پێدرا.

هەتا ئیمڕۆیش یارمەتیی ئەوانەیش دەدەن کەماونەتەوەو قوتابخانەو ناوەندی کولتووریو ڕۆژنامەو شتی زۆریان بۆ دروستکردوونو لەهەموو روویەکەوە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە پشتیوانییان لێدەکرێتو بگرە هەر جارێکیش کەدەستەیەکی

نوێنەرایەتییان دێت بۆ روسیا یان کۆمارەکانی تری سۆڤیێتی پێشوو سەردان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن و هەست بەچەوساندنەوەو کەم زانین ناکەن و سەربڵندن و کەس ناوێرێت سووکایەتییان پێبکات و مافیان پێشێل بکات، ئەگەرچی ئەو گەلانە بەپێچەوانەی کوردەوە کۆری و یۆنانی و خاكوتیۆری یاخود خاوەن قەوارە یان کیانێك وەك کورد نەبوون.

ئەو راستییەش بگوترێت کەتەنگ پێهەڵچنین و لێدان و سووکایەتی پێکردن و بگرە دەربەدەرکردنی نەتەوەکانی تریش لەکۆمارەکانی سۆڤیێتی پێشوو بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەیەو رۆژبەڕۆژ زیاتر بووەو ئەو نارەواییانەش بەرامبەر بەڕوس زمانەکان جگە لەکۆمارەکانی قەفقازو روسیاو ئاسیای ناوەڕاست لەسی کۆماری پری بالتیك واتە ئەستونیاو لیتقی و لاتڤیا دەکرێت کەزۆرجار بووەتە هۆی ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانیان. سەربار یان پەرەپێدەری ئەو ناخۆشەویستی و رق هەڵگرتنە لەروسیا شەڕی چیچان بوو کەبوو بەهۆی ئەوەی هەر سەرڕەشێك

لەڕوسیا بەگومانو شکەوە چاوی لێدەکرێتو رایدەگرنو ئەگەر ئیقامە یان ویزای نەبێت سزادەدرێتو بەهۆی ئەو تەقینەوەو خراپەکارییانەی کە لەڕوسیا کراوەو دەزگاکانی راگەیاندنی روسیا کەکاریگەرێکی نێگەتیڤانەیان لەم بارەوە لەسەر دانیشتووانی روسیا داناوەو خەڵکیش بەچاوێکی ناباوەڕانەو نابەدڵ تەماشای ئاوارەو پەنابەرەکان دەکەن، راستە بەتەئکید لەو تاوانە وەك دزیوکوشتنو بلاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان لەڕوسیا لەلایەن پەنابەرانەوە دەکرێت، راستە گێرەو کێشەی تریان بۆ کۆمەڵگەی روسی دروستکردووە، بەلاّم بەلای زۆربەیان لەخزمەتی کۆمەڵگەی روسیاو لەبەرژەوەندیی ئابووریی کۆماری روسیای فیدراتیڤی کاردەکەنو زۆربەیان خەڵکی زەحمەتکێشو خەریکی کشتوکاڵو بیناکردنی رێگەوبانو خانووبەرەن، کەدانیشتووانی روسیا سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان بێکارن، بەلاّم ئەو کارانە ناکەن، یاخود بەهەرزان نایکەن. بەکورتی ژمارەیەکی زۆر لەدایشتووانی روسیا لەهاتنی خەڵکی

کۆمارەکانی پێشووی سۆڤێت نەتەنیا کۆمارەکانی قەفقازو ئاسیای ناوەڕاست، بەڵکو لەئۆکرانیا بێجگە لەڕوسیا کەهاوزمانو هاوڕەگەزو هاوئایینی یەکترن ناڕازین.

لەکۆمارەکانی قەفقازو ئاسیای ناوەڕاست روسو روس زمانەکان زۆر جار لەلایەن تاقمە رەگەزپەرستەکانەوە بگرە لەلایەن خەڵکی ئاساییشەوە بەداگیرکەری وڵاتەکەی خۆیان دەزانن بەبێگانەیان دەزانن‌و بەئاشکرا لەسەرکار لادەبرێن یان پێیان دەڵێن بڕۆنەوە وڵاتی خۆتان یان نامەیان بەپۆستدا بۆ دەنووسن یان بۆیان لەناومالٚ دەهاوێن کەبگەڕێنەوە روسیاو پێش پێشکەوتنی کولتووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتییان دەگرن‌و قوتابخانەکانیان بەزمانی روسی دادەخرێن، هەربۆیە شەپۆلی گەڕانەوەی روسەکان بۆ روسیا لەبەر ئەو هۆیانەو ئاڵۆزیی باری ئابووری بەردەوامەو روسیاش لەبەر باری ئابووری دژواریی بۆ وەرگرتنی چەندین ملیۆن خەڵك ئامادەنییەو توانای یارمەتیدانی نییە، چونکە هەر وەرگرتنی ئەوانە مەرج نییە، بەڵکو دەبێت

شوێنی حەوانەوەو کارو خوێندن‌و..هتد یان بۆ ئامادە بکات‌و مرۆڤ کەدەیانبینێت‌و لەبارودۆخێکی نالەبارو بێ پارەو بێ یارمەتیدان، نیگەران دەبێت، تەنانەت ئەوانیش کەخانووبەرەو سەروسامانی خۆیان فرۆشتوە، بەو پارەکەمە ئەو روسییانە نەدەتوانن خانووبەرەی پێ دروستبکەن‌و نە پێی بژین، بەڵام ئەوە هەیە کەگەڕانەتەوە وڵاتی خۆیان‌و دەرناکرێن‌و بەرەوڕوی مەترسیی وەك کورد نابنەوە، واتە بەتێکچوونی یەکێتیی سۆڤێت لەبەر ئەو گێرەو کێشانەی کەباسکرا چەندین ملیۆن خەڵك ماڵوێران‌و دەربەدەرکران بەتایبەتی گەلانی بچووك‌و بێ قەوارەو بێ دەرەتان‌و بێ کیان کەکەس پارێزگارییان لێناکات‌و لەسەریان بەوەڵام نایەت‌و کەس وەریان ناگرێت‌و مافیان لەهەموو لایەکەوە پێشێلکراوە. یەکێك لەو گەلانە کوردە کەدەتوانم بڵێم زۆر زوڵمی لێکراوەو دەکرێت، چونکە هەر لەسەردەمی سۆڤێت پەراگەندە کراون‌و پاش رووخانی سۆڤێتیش پەراگەندەتر کراون‌و ژمارەیەکی زۆریان هاتنە روسیاو لەکراسنادارو تامبوو یا روس‌و ساراتۆڤ

جـێگیربوون، روسـەکان یـان روس زمانـەکان کـە لـەکۆمارەکانی پێشووی سۆڤێت دەژین‌و نایانەوێ خۆیان لەگەڵ کولتوورو داب‌و نەریـتی ئەو کۆمارانە بتوێننەوە یان زمانیان فێربن، دەگەڕێنەوە بـۆ روسـیا کـەگوایا لـەکۆی (٣٥)ملـیۆن هـەتا ئێسـتا هەشـت ملـیۆنی گەڕاونەتـەوە، کەچـی کوردو نەتەوەکانی تر کە لەڕوسیا دەژیـن یـان پەنابـەرو راکردوون نایانەوێت زمان‌و کولتورو داب‌و نەریـتی خۆیـان بەسەر گەلی روسدا بسەپێنن‌و بەپێچەوانەوە فێری زمانەکەیان دەبن‌و خۆیان لەگەڵ ژیانی روس رادێنن، واتە لەرووی ناچارییەوە بێت، یان لەبەر خواست‌و پێشکەوتنی کولتووری روس بێت زەمینەی ئاسیمیل سیۆن یان تواندنەوەی ئەوانە لەناو روسدا زیاترە. ئەو پلەو پایەیەی کەڕوس لەکۆمارەکانی پێشووی سۆڤێت هەیانـبوو ناڕوسـەکانی روسـیا لەڕوسیادا نییانە یان داوای ناکەن یـان بۆیـان ناچـێتە سـەر واتـە پەنابـەرەکان زیاتر خەریکی کاری خـزمەتگوزاریی‌و کـاری هـەرزان‌و رەشـدا خـەریکن‌و کشـتوکاڵ‌و حەماڵی‌و دەستفرۆشی دەکەن.

ئـێمه لـێره مەبەسـتمان کـوردە کلۆڵەکەیـە کـە لەسـەردەمی سـۆڤێت هـەتا ئـیمڕۆیش لەبارکـردن‌و دەرکردن لەم کۆمارەوە بۆ ئـەو کۆمـارو لـەم شارەوە بۆ ئەو شاردان کە لەژیانی کۆچەریشدا حەوانـەوەیان نیـیەو مەترسیی دەرکردنی هەمیشەیی لێدەکرێت‌و جگـە لـەوەش دەکەوێـتە بەر شالاوی سووکایەتیپێکردن‌و لێدان‌و بارکردنی نوێ.

ژمارەیـەك لـەو کوردانـە کـە لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی شەڕی ناگورنو قەرەباخ لەنێوان ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان، واتە دوو سێ سـاڵ پـێش رووخـاندنی یەکێتـیی سـۆڤێت هاتوونەتـە روسـیاو خانووبـەرەیان کـڕیوە یـان پاسپۆرتیان وەرگرتووە، یان ئیقامەیان هەیە کەچی ئەوانیش لەبەر سەرڕەش بوونیان دەکەونە بەر هێرش‌و تـەنگ پێهەڵچـنین. روسـیا کـە بـەرەسمی رایگەیاندووە میراتگری یەکێتـیی سـۆڤێتەو پارێـزەری مـاف‌و بەرپرسـیارە بەرامـبەر هاووڵاتیانی پێشووی یەکێتیی سۆڤێت، دەتوانن ببنە هاووڵاتیی روسـیا جگـە لـەوە روسـیا دەبێـت ئـەو پەیمانـە نێونەتەوەیـیانە

سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤو پەنابەر وەرگرتن کە لەیاسای بنچینەیی روسیاشدات هاتووە، هەروەها خەبات لەپێناوی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی، نەتەوەیی، ئاینیو.. ئیمزاکردووەو رەچاو بکاتو لەچوارچێوەی ئەو یاساو پەیمانانەوە رێز لەمافی کوردەکان کەخزمەتێکی زۆری ئەم ولاتەیان کردووەو گیانیان لەپێناویدا بەختکردووە بگرێت. دەسەلاتدارانی روس زۆر بەباشی ئاگاداری کێشەی کوردن بەتایبەتی ئەو کوردانەی کەسەردەمێك هاوولاتییان بوونو بەشدارییان لەشەڕی جیهانیی یەکەمو دووەم کردووەو دەوریان لەئابووریو بینای کۆمەلگەی سۆڤێتی پێشوودا هەبووەو جگە لەبەشدارییان لەشەڕەکانی نێوان روسیا، باش دەزانن کێشەکانیان کامانەنو چینو لەسەردەمی سۆڤێت بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەلاتدارێتی ستالین تووشی چ کارەساتێك بوون.

جگە لەوە روسیا هەمیشە ولاتێکی فرە نەتەوە بووەو پەیوەندیی کۆنو نوێی کوردو روس شتێکی شاراوە نییەو لەو بڕوایەدام

کەکاربەدەستانی ناوچەی کراسنادار وەك تکاچوڤ ئەگەر ئاگاداری کێشەی کوردو بەسەرهاتی غەمباریی کوردەکانی سۆڤێتو بەشەکانی تری کوردستان بێت واناکاتو ئەگەر نەزانێت خۆ پێویستە دەسەڵاتدارانی ناوەند ئاگادار بکەنەوە، دەبێت ئەوەش بزانرێت کەئەوانە چارەنووس وایلێکردوون ئیمڕۆ لەڕوسیا گیرساونەتەوەو تووشی ئەو هەموو زوڵمو زۆرە بوونو بەدڵی خۆیان نەهاتوون، بەڵکو لەڕووی ناچارییەوە روویان کردووەتە روسیاو هیچ رێگەو دەرەتانێکی تریان نەبووەو ئەگەر لەڕوسیاش دەربکرێن بۆ کوێ بچن؟ بۆ نیشتمانە پارچە پارچەکراوەکەیان کەهیچ مافێکیان پێ رەوا نابینن؟

دەبێت روسیاو وڵاتانی ئەوروپا کە لەمێژە هەوڵی نێوبژیکەریی و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئازەربایجانو ئەمەنستان لەسەر ناگورنو قەرەباخ دەدەن، کوردستانی سووریش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ناوچەیە کەدوو وڵاتی ناوبراو شەڕی لەسەردەکەنو دەیانەوێت چارەسەری بکەنو ئاوارەکان کەژمارەیان

یـەك ملیۆن‌و دووسەد هەزارەو زۆریەیان لەبیابانی ئاجبەدینسکی دەژنـی‌و نـزیکەی دووسـەد هـەزاریان تائێسـتا لەناو خاکی ئێران دەژیـن، دەبێـت لەچارەسـەرکردنی کێشـەی ناگوگـرنو قـەرەباخ هـەردوو لایـەنی ئـازەری‌و ئەرمـەنی‌و دەولّـەتانی ناوبژیکـاریش کێشـەی کوردەکانـیش رەچـاوبکەن، چـونکە بەلّگـەی مـێژوویی کۆن‌و نـویّ ئـەو ناوچە کوردنشینانە کەپاشان کوردستانی سوور یـان کوردسـتانی ئـێزیدیان لێدروسـت بـوو بەپـێی هـەندێك سەرچـاوەی رەسمـی لـەو یـەك میلـیۆن‌و دووسـەد هـەزارە ئاوارەی ناوچـەی ناگورنو قەرەباخ بوون‌و نزیکەی سەدو هەشتا تا دووسەد هـەزاریان کـوردن کـەپاشماوەی کوردەکـانی کوردسـتانی سوورن، کەدانیشـتووانی شـەش ناوچـەو شـار پێکدێنن، شوشـەو لاچین، قوبـادلی، زەنگـیلان، کەلـباجار، جەبرەئیل‌و ناکرێـت چـاو لـەو هـەموو فاکـتە بپۆشـرێت‌و بـێدەنگبن، کێشـەی ناگورنو قەرەباخ تەنـیا کێشـەی نـێوان ئازەربایجـان‌و ئەرمینـیا نیـیەو کێشـەی کوردیشەو دەسەلاّتدارانی هەردوولایش ئەم راستییە باش دەزانن.

کـورد و ئـازەری و ئەرمـەن بـەهۆی هەڵکـەوتوویی شـوێنی جوگرافییایی، هاوسێی یەکن و رابوردوویەکی هاوبەشیان هەیەو تووشـی چەوسـاندنەوەی هاوبـەش بـوون و ئـیمڕۆ ژمارەیـەکی زۆر لەخـەڵکی ئەرمـەن و ئازەری لەبەشەکانی تری کوردستان دەژین و پێشـێلکردنی مافـەکانی یـەکتر خـزمەتی هـیچ لایـەك ناکـات و روسـیاش وەك میراتگـری یەکێتـیی سـۆڤێت دەتوانێـت دەوری پۆزەتـیڤ ببینێـت و کوردەکـانی سـۆڤێتیش بەپەیوەندیگـرتن بەهـەردوولا ئـازەری و ئەرمـەنی، بـەناردنی نامـەو یادداشـت و نوێنەرانی خۆیـان دەتوانـن کێشـەی خۆیـان باسبکەن، لەلایەکی تـرەوە وەك لایەنـێکی خاوەن کێشەکە دەبێت بەشداریی لەرێگەی چارەسـەرکردنی کێشـەی نـاگورنو قەرەباخ-ی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بکەن.

پێویسـت بەبیرهێـنانەوەیە کەتـەواوی سەرچـاوەکانی مـێژوویی بەتایـبەتی هـی سەدەو نیوێك و سەدەیەکی رابوردوودا لەوەدەدوێن کـەکورد لەهـەرێمی قـەفقاز نـەژیاوە، واتە پێش ئەوەی هەرێمەکە

لەلایـــەن روســـەکانەوە داگیربکرێـــتو ســـنوورەکانی ســـێ ئیمپراتۆریـــیەتی عوسمـــانیو روســـیاو پاشـــایەتیی ئـــێران دیاریبکرێـــت. بەداگیرکـــردنی ناوچـــەکە لەلایـــەن روســـیاوە کەبەتێکشـــکاندنی پاشـایەتیی ئـێرانو پاشـان عوسمـانی کـە لەئـەنجامی زۆر شـەڕی خوێـناویی لەسـەردەمو قۆنـاغی جیاجیادا بەشـێکی کوردسـتان دەخرێـتە سـەر ئیمپراتۆریـیەتی روسـیا (بـەدرێژایی سـەدەی نـۆزدە روسـیا دوو شـەڕی گـەورە لەگـەڵ پادشـایەتیی ئـێران کـردووە، واتــە (١٨٠٥-١٨١٣)و٢٨/٨/ ١٨٣٦و چـوار شـەڕی روسـیاو تورکـیا ١٨١٢-١٨٠٥، ١٨٢٩- ١٨٢٨و ١٨٥٦-١٨٥٣و ١٨٧٨-١٨٧٧) ئـــەنجامی ئـــەو شـەڕانەیان کـەزۆرجار ئەو پارچەیەی کوردستانو پارچەکانی تری کوردسـتان دەبێـتە گۆڕەپـانی شـەڕە دڕندانـەو کاولکارەکانـیان، گـەلی کوردیـش تووشـی زیانێکی هەمـەلایەنە بەتایبەتی گیانیو ئـابووری بـووەو ناوچـە کوردنشـینەکان لەئـەنجامی شەڕەکانیانو بەپـێی پەیمانەکانـیان چـەندەها جـار دەست بەدەست کراون، واتە

سنووره‌كانیان گۆڕاوه، كه‌دوایین جار به‌پێی په‌یمانی بریست لیتوفیسك فارس‌و ئه‌رده‌هان له‌لایه‌ن به‌لشه‌ویكه‌كانه‌وه درایه ده‌وڵه‌تی توركیا، كه‌ به‌پێی ره‌زامه‌ندی‌و پرسكردن به‌زۆربه‌ی دانیشتووانی واته‌ كورد، سه‌رچاوه‌كانی روسی تاكۆتایی شه‌ڕی جیهانیی یه‌كه‌م باسی دابه‌شبوونی كوردستان به‌سه‌ر سێ ئیمپراتۆریه‌تی روس‌و فارس‌و تورك ده‌كه‌ن‌و بگره مێژوونووس‌و گه‌ڕیده‌و سیخوڕو پیاوه له‌شكری‌و رۆژهه‌ڵاتناس‌و.. تا ١٩٣٠ واته‌ ساڵی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی كوردستانی سوور له‌لایه‌ن رژێمی ستالینه‌وه، هه‌موویان دان به‌وه‌دا ده‌نێن كه‌به‌شێكی كوردستان ده‌كه‌وێته‌ چوارچێوه‌ی روسیا (سۆڤێت)ه‌وه. ئه‌وه‌بوو كه‌ له‌ناوچه‌یه‌كی ئه‌م به‌شه‌ی كوردستان له‌(١٩٢٣) كوردستانی سووریان دامه‌زراند، كه‌ له‌ساڵی (١٩٣٠)هه‌ڵوه‌شێنرایه‌وه. دامه‌زراندنی ئه‌م كیانه‌ بۆ كورد ده‌ستكردو كوتوپڕ نه‌بوو، له‌به‌رئه‌وه زۆربه‌ی دانیشتووانی ئه‌و ناوچانه‌ كوردبوون‌و به‌پێی بڕیاره‌كانی ده‌وڵه‌تی‌و حیزبی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی سۆڤێت دامه‌زرا،

جگـه لـەو بەڵگـەو دۆكیومێنـتانەی كـەتا ئەمـڕۆیش مـاون، ڕۆژنامـەكانی ئـەو سـەردەمە كوردسـتانی سوور واتە ئەو ناوچەیە بەنیشـتمانی كـوردانو بـەناوی كوردسـتانەوە نـاوی دەبەن، بوونە سەردێڕی هەواڵەكانیان بەم چەشنە دەستپێدەكەن:

"لەكوردسـتانەوە" "بەكوردسـتاندا" "كوردستانسـكی ئویـزد (ناوچـە)" گوندیـا فـلان شاری سەر بەكوردستانو پاكتاوكردنی رەگـەزیی والـەكانی كوردسـتان، یا كۆبوونەوەی حیزبی ژنان یان ئـەندامانی حـیزبی كۆمۆنیسـت (بەلشـویك) لـەفلان شـار یان نـاوەندی كـوردی لەكوردسـتان، یـان دەسـتكەوتی ئـاژەڵدارانی كوردسـتانو لـەو بابەتـە سـەردێڕانە، پـاش هەڵوەشـاندنەوەی كوردسـتانی سـور لەژێـر نـاوی "دابەشـكردنی سیسـتمێكی بەڕێوەبەرایەتـیی نوێـی ئازەربایجـان" (تقسـیمات اداری) هـەر ناوچـەو شـارێكی كوردسـتانیان خسـتە سـەر ناوچـە یان هەرێمو شـارەكانی تـری ئازەربایجـانو بەم چەشنە ناوی كوردو كوردستان بەواتەیـەكی تـر كـیانەكەیان لەفەرهەنگی سۆڤێتیو ئازەربایجانی

سۆڤیێتییان سڕییەوەو قوتابخانەو ڕۆژنامەو فێرگەو بەڕێوەبەرایەتیو بەگشتی دەستکەوتەکانی ئەم گەلەیان نەهێشتو دانیشتووانی کوردی ئەوێ کەوتنە بەرشاڵاوی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی جیاوازی ڕەگەزیو ئاسمیل سۆنو ژمارەیەکی زۆریان لەمەترسیی ناوو لەقەبو ناسیۆنالی خۆیان گۆڕی بۆ ئەوەی دەرنەکرێن یان لەناونەچن، یان کارو ئیشی خۆیان لەدەست نەدەن، یان بتوانن بخوێننو کاربکەنو لەنیشتمانەکەی خۆیان بمێننەوەو کوردێکی یەکجار زۆر بەم چەشنە هەتا ئیمڕۆیش لەبەر نەبوونی کیانو بواری خوێندن لەئاسمیل سیۆن کراون، بەڵام ئەمەش واتە بێدەنگبوونو تواندنەوەیان، کوردەکانی سۆڤیێتی لەکارەساتیتر نەپاراستو پێشو لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەم بەتایبەتی لە (١٩٣٧و ١٩٦٣و ١٩٦٦) کوردەکانیان بەکۆمەڵ گواستەوە بۆ کۆمارەکانی تری سۆڤیێتو بیانووشیان بۆئەم تاوانە گەورەیە زۆربوو گوایا بەرەی قەفقاز بەهۆی (کۆمەڵانی گومانلێکراو) یا (بێباوەڕ) لەبەر نزیکبوونەوەی هێزەکانی

ئالمـــان‌و توركـيا كـەكوردەكان لەڕیـزی ئـەو كۆمەڵـە گومـــان لـێكراوانەدان (بەبـیانووی ئـاری بوونـیان‌و هاوهەسـتییان لەگەڵ ئـەڵمان‌و یـان هاوئاینیـیان لەگەڵ توركیا) دەبێت پاكبكرێنەوەو دووربخرێنەوە نەوەك بەدەستپێكردنی شەڕ، یارمەتیی ئەڵمانەكان‌و توركەكان بدەن. كەوابێت دەبێت ئەو مەترسییە نەمێنێت، ئەویش بەڕێگەی دوورخستنەوەی ئەو گەلانەی كەكوردەكانیشی دەگرتەوە، ئـەوەبوو كەكوردەكانـیان لـەئازەربایجان‌و ئەرمینـیا گواسـتەوەو زۆربـەیان بـۆ ئاسیای ناوەڕاسـت‌و كازاخستان‌و ئۆزبەكستان‌و بۆ سـیبریا. گواستنەوەكەشیان بەشێوەیەكی نامرۆڤانەو بێئاگاداریی پێشـەكی‌و بەشـەوو بەگـەمارۆدانی گوندو شارە كوردنشینەكان‌و هێنانـیان بەماشـینی لەشـكری بـۆ ئێسـتگەكانی شەمەندوفەرو گواستنەوەیان بەشەمەندوفەری ئاژەڵبەرو باربەر، بەبێئەوەی بهێڵن شتومەك‌و پێویستیی ناوماڵ‌و سەروسامانیان لەگەڵ خۆیان ببەن.

لـەكاتی كۆكـردنەوەو ناردنـیان‌و هەروەها بەڕێگادا ژمارەیەكی زۆریـان لەبـەر رەخـنەو پرۆتیسـت لەلایـەن سەربازەكانی سوورەوە

گوللـــەباران دەكـــرێن یـــاخود لەشـــەمەندوفەرەكان فـــڕێدەدەنە خـــوارەوەو ژمارەیـــەكی زۆریشـــیان لەڕێگـــەو شـــوێن لەســـەرماو برســێتیو نەخواردنو ژیانیان لەدەست دەدەن بەتایبەتی بەتەمەن چووەكانو منداڵ.

كارەســاتی ئەوگەلانــە بەتایــبەتی كــورد لەشــوێنی نــوێ بەهۆی بــارودۆخی نامــرۆڤانەو رانــەهاتن لەگــەڵ كەشوهــەوا بەتایــبەتی لەســیبریا درێــژەی تراژیدیاكەیە كەباسێكی ترو تایبەتی دەوێتو لەتاراوگـەو ئۆردوگـا زۆرەملـێ كراوەكانیان دەست بەسەرو لەژێر كۆنترۆڵـی دەزگاكانی پاراستنی سۆڤێت بوونو سەفەركردنیان بۆ ئـــەملاو ئـــەولا یاســـاخبووەو پاســـپۆرتو ناســـنامەیان لێسەندراوەتەوە.

شـــەڕی جیهانـــیی دووەم كۆتـــایی پێدێـــتو ژمارەیـــەكی زۆر لەڕۆڵـەكانی گـەلی كـورد كـە لـەناو سـوپای سووردا لەشەڕ دژی ئەڵمانـیای فاشـی بەشـداردەبنو لەدەرپـەڕاندنی سـوپای ئـەڵمان لـەخاكی سـۆڤێتو ئازادكردنی ئەوروپا تاگرتنی بەرلین بەشداری

دەکەن (پەرتوکێکی تایبەتی لەسەر بەشداریی کورد بەناوو بەوێنەوە لەشەڕی جیهانیی دووەمەوە لەلایەن نووسەرێکی کوردی سۆڤیێتی چەتۆیف.خ.م مۆسکۆ ١٩٧٠ نووسراوە) کەجگە لەوەی کورد قوربانییەکی زۆری لەشەڕدا داوە، ژمارەیەکی زۆریشیان نیشانەو میدالیاو پلەوپایەی سوپاییان پێدەدەرێتو بەم چەشنە کاربەدەستانی سۆڤیێت سوپاسو پێزانینی خۆیان بەهۆی لێبوردوویی‌و ئازایی‌و میرخاسیی رۆڵەکانی گەلی کورد ئاراستەی بەشدارانی کوردی لەشەڕی جیهانیی دوەم دەکرێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەم قارەمانو سەربازانەی شەڕ کەدەگەڕێنەوە بۆ ماڵو شوێنی خۆیان بنەماڵەو کەسوکاریان لەوێ نەماونو خەڵکی تر لەجێگەی ئەوان نیشتەجێکراوە، دۆزینەوەی کەسوکارو رۆیشتن بۆلایانو هۆی گواستنەوەیان ئاسان نەبووو ئازایی‌و نەترسیی دەویست ئەویش لەسێبەری ئەو رژێمە دیکتاتۆرەی ستالیندا. کوردە دوورخراوەکانی ئەوێش بەبیستنی کۆتاییهاتنی شەڕ هیواو گیانێکی تازەیان بەبەردا دەکرێت کەدەگەڕێنەوە بۆ

ولآتو شوێنی خۆیان لەبەرئەوە فاشیزم تێکشکاوەو مەترسیی لەسەر ولآتەکەیان (سۆڤێت) نەماوە، چونکە پێیان راگەیەندرابوو کەهێنانیان یان گواستنەوەیان کاتییەو بەکۆتاییهاتنی شەڕ هەموو دەگەڕێنەوە سەر جێو رێی خۆیان، زۆربەی ئەو گەلانەی کە لەگەڵ کورد لەولآتی خۆیان دوورخرابوونەوە بواریان پێدرا بگەڕێنەوەو کیانەکەی خۆیان سەر لەنوێ دابمەزرێننەوەو گەشە بەزمانو کولتورو ژیانی خۆیان بدەن، بەتایبەتی پاش هاتنە سەرکاری خرۆشۆف، دەولەتی سۆڤێتی یارمەتی زیاتری بەو گەلانەدا کەبگەڕێنەوەو تارادەیەك قەرەبووی ئەو کارەساتەی کە بەسەریاندا هاتبوو بکەنەوەو دەولەتو پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت کردەوەکانی ستالینیان لەم بارەوە بەتاوان لەقەلەمداو شەرمەزاریان کردو داوای لێبوردنیان لەو گەلانەکرد کەبوونە قوربانیی ئەم سیاسەتەو ناوی کوردیش لەریزی ئەو گەلانەدا هاتووە، بەلآم مەخابن بواری کوردەکان نەدرا بگەڕێنەوە سەرەڕای ئەوەی کەبڕیارەکە بۆ هەموان بوو، تەواوی ئەوگەلانەی

کەلەگەڵ کوردو پاش کورد لەوڵاتی خۆیان دوور خرابوونەوەو کیانەکەیان هەڵوەشێنرابووەوە، بگرە پاش ئەوەش بۆ زۆر گەلی بچووك قەوارەیەکی بچووك وەك ئۆتۆنۆمی یان بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت دروستکرا.

هۆکانی نەگەڕاندنەوەی کوردەکانو دروستنەکردنەوەی کوردستانی سوور زۆرن، وەنەبێت کوردەکان بۆخۆیان نەیانویستبێت بگەڕێنەوە یان بۆیان نەکرابێت یان سەدان نامەو داواکاریان لەکاربەدەستانی خواروو ژووری سۆڤیێتی نەنووسیبێتو بگرە چەندجاریش دەستەی نوێنەرانی کورد دەچنە بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستو بەتایبەتی داوا لەخرۆشۆف دەکەن کەبوارو یارمەتیی گەڕانەوەیان پێبدەن، بەڵام پشتگوێ دەخرێنو نەمۆسکۆو نەباکۆو نەئیرەوان لەم بارەیەوە بڕیارێك دەدەن.

مۆسکۆ بڕیار ناداتو باکۆو ئیرەوانیش دژی گەڕانەوەی کوردەکانە ئەگەر مۆسکۆ بڕیاری بدایە یان باکۆو ئیرەوان

جێبەجێیان دەکرد، بڕیارەکەش لەدەستی مۆسکۆیەو باکۆو ئێرەوان ناتوانن لەژێری دەربچن، لەتاراوگە یان شوێنی دوورخستنەوەیان یاسای سەردەمی ستالین بۆ کورد هەر لەجێی خۆیەتی‌و بڕیاری گەڕانەوەیان نییەو هەروەها بارکردنیشیان بۆ شوێنێکی تر نییەو باکۆو ئێرەوانیش لەم بارەیەوە بەبیانووی ئەوەی لەسەرەوە واتە لەمۆسکۆ بڕیارێك نەدراوە، ئامادەی وەرگرتنیان نین‌و بۆخۆیشیان نەداوا لەمۆسکۆ دەکەن کەبگەڕێنەوە نەپێیان خۆشە کەبگەڕێنەوە، چونکە جێی‌و شوێنەکەیان بەخشراوە بەخەڵکی ترو داگیرکراوە. جگە لەوەی کەبیانوویان ئەوەدەبێت جارێ بڕیارێك لەم بارەیەوە لەسەرەوە نەدراوە بیانووی تر هەبوو وەك ئەوەی کەکەرەسەو ئیمکاناتی گەڕانەوەیان جارێ نییە. بیانووی ئەوەش دروستدەکەن کەئەگەر ئەوانە بگەڕێنەوە لەگەڵ نیشتەجێکراوانی نوێ کەدەستیان بەسەر ماڵ‌و شوێنی کوردەکاندا گرتووە دەبێتە شەڕو کێشە.

بەم چەشنە تاروخانی رژێمی توتالیتاریزمی سۆڤیێتی، مۆسکۆ چ لەسەردەمی خرۆشۆف و چ لەسەردەمی بریژنێڤ و سەردەمی گۆرباچۆفیش هەتا هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیێت بڕیارێك لەسەر کوردی سۆڤیێت، بگرە لانی کەم بۆ گەڕاندنەوەیان بەبێ کیان و بەبێ هیچ مافێکی نەتەوەییش وەك کولتوری و تریتوریالی نەدرا بەکورد.

تارووخانی سۆڤیێت لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتیی گورباچۆڤ گەلێك هەوڵدرا کەئەو ناڕەوایی و پێشێلکردنەی مافی کورد، سەرەنجام لەقۆناغی پیرۆسترۆیکا و گلاسنوست و ئەو ئازادی و ئاواڵەییەی کەدانی پێدانرابوو راستبکرێتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، بەڵام بەدەستپێکردنی شەڕی ناگورنو قەرەباخ کەکوردستانی سووریش دەکەوێتە ئەوچوارچێوەیەوە بوو بەگۆڕەپانی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کەبەرهەمی کوردەکانی ئەوێ تووشی گەورەترین زیانی گیانی و مادی بوون و دەربەدەرو ئاوارەکران، کەتائێستاش لەو بارودۆخە ناهەموارو

خەمبارەدا دەژین، کەمرۆڤ بەدیتنی دیمەنی ئۆردوگاکانیان قرچەی جەرگی دێتو نەئەوەیە شوێنو ماڵی نوێیان پێبدرێتو بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی ترو نەرێگەی گەڕانەوەیان هەیە، بگرە لەژێردەسەڵاتی ئەرمەنییەکانو نەتوانای رۆیشتنو پەنابەرییان بۆ وڵاتێکی تریان پێبدرێتو لەو بارودۆخە هێشتوویاننەتەوە بۆئەوەی ببێتە بەڵگەیەکی زیندو لەپێش چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەچارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزنەوە، کەچی پاش تێپەڕبوونی ١٦ساڵ نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو نەئازەربایجانو ئەرمەنستان چارەسەرێکی ئەم کێشەیەیان کردووو نەئازەربایجان توانیویەتی بەشەڕ ئاوارەکان بگەڕێنێتەوە جێوشوێنی خۆیان، ژمارەی ئاوارەکانی کورد روون نییە، بەلاّم هەموو وەك ئازەربایجانی لەقەڵەم دراونو دەدرێنو کاربەدەستانی ئەرمەنی دەسەڵاتداری ناگۆرنۆ قەرەباخیش چاوەڕێی گەڕانەوەی کوردەکان کەبوونەتە قوربانیی شەڕی ئەرمینیاو ئازەربایجان ناکەنو وەریشیان ناگرنو تائێستاش هیچ هەنگاو یان بانگەوازێکیشیان

لەم بارەیەوە بۆ کوردەکان نەکردووە. لەکاتی شەڕە ناوخۆییەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، هەردوولا بەڵێنیان بەکوردەکاندا کەئەگەر بێتو هاوکاریان بکەن مافی کوردەکانی ناگۆرنۆقەرەباخ بگرە بەڵێنی دروستکردنەوەی کوردستانی سوورو گەڕاندنەوەی کوردەکانی دوورخراوی سەردەمی ستالینیان بەکورددا و بەم چەشنە کوردەکانیان (کوردی موسوڵمان لەبەرەی ئازەربایجان و کوردی یەزیدی لەبەرەی ئەرمینیا) یەو لەوشەڕەوە گلاند، جگە لەوەی کەکورد لەڕیزی سوپاکانی هەردوولا بوون، هێزی تایبەتی و جیاوازیشیان لەکوردەکان پێکهێنا و کوردی موسوڵمان واتە کوردەکانی کوردستانی سووری پێشووپشتی ئازەربایجانییەکانیان گرت و کوردە یەزیدییەکانیش پشتی هێزی ئەرمەنیان گرت و بەم چەشنە کوردەکان کەوتنە دوو بەرەی دژ بەیەك و سەدان کورد لەهەردوولا کوژراو بریندارو بەدیل گیران و..هتد.

لەکاتی داگیرکردنی ناگۆرنۆ قەرەباخ و شکستی سوپای ئازەربایجان، کوردەکانی ئەرمینیا چونە پایتەخت یان ناوەندی کوردستانی سوور، واتە لاچین و ئالاّی کوردستانیان هەلّکرد و بەچەپلەڕێزان و شادی و ڕێورەسمێکی تایبەتی دروستکردنەوەی کوردستانی سووریان ڕاگەیاند (بەڤیدیۆ ئەم ڕێو ڕەسمە تۆمارکراوە) لەم فیلمە چۆنێتیی هەلّکردنی ئالاّی سێ ڕەنگی کوردستان کە لەلایەن بەشداربووانەوە ماچ دەکرا و سوێندیان پێدەخوارد، کەپارێزگاریی لێبکەن و سرودی ئەی ڕەقیبیشیان دەوتەوە و لەناو شایی و زەماوەندا بەگوێرەی گێڕانەوەی یەکێك لەبەشدارانی ئەم ڕێورەسمی دووسەعات بەسەر کۆتاییهاتنی ڕێورەسمەکە تێپەڕ نابێت کاتێ گەڕانەوەی بەشداربووان یەکێکیان ئاوڕدەداتەوە هەوالّی ئاگر تێبەردانی ئالاّی کوردستان لەوشوێنەی کەبەرز کرابووەوە بەهاوڕێکانی ڕادەگەیەنێت و دەبینن ڕاستەو ئالاّکە نەماوە کە لەلایەن ئەرمەنەکانەوە دەسووتێنرێت.

لــەکاتی شــەڕی ئــازەری و ئەرمــەنی لەچــاپەمەنی و رادیــۆو تەلەفزیۆنەکانی هەردوولاوە بەشداریی کوردەکانیان لەم شەڕانەدا رادەگـەیاندو بانگـەوازی بەشداریی کوردەکانی نیشتەجێی خۆیان (ئەرمینــیاو ئازەربایجــان) دەکــرد ، بـەڵکو نـێردراوی کوردیشیان بـۆلای کــوردە دوورخــراوەکان لەئۆزبەکستان و قازاخستان دەنارد ، کەبگەڕێــنەوە تابەشــداریی شــەڕ بکــەن و بەڵێــنی گەڕانــەوەی بـەم زووانــەو هەروەها دامـەزراندنەوەی کوردستانی سووریان پێدەدان و بگــرە کوردێکــی زۆریــش دەهێننە سەر رادیۆو تەلەفزیۆنەکانیان یــان لەچاپەمەنییەکانیان بـۆ مـەبەسـتی خۆیان وتووێژیان لەگەڵ دەکــردن و بـۆ هــاندانی زیاتــری کوردەکــان هەندێك بەکرێگیراوی کـورد و مرۆڤی ساکاری کوردیان دەناردە گوندە کوردنشینەکان و پــروپاگەندەی بەشــداریی کوردەکانیان لەئازادکردنی کوردستانی ســووریان دەدا بەخــەڵك، کــوردە ســاکارەکانیش بەپێشــوازیی ئەم پــروپاگەندەو بانگهێشــتانە دەچوون.. جێی داخ و کەسەر لەوەدایە" کەگەلــێك لــەو پروپاگەندیســت و ئاژتــیاتۆرانە رووناکــبیرو

خوێـندەواری کـورد بـوون، ئەوانـەی کەکوردەکانـیان بۆ ئەم شەڕە نارەوایـە راکێشـا بـەبێ ئـەوەی هـیچ گەرانـتو بەڵگەیـەك یـان بـــڕیارێکی رەسمـــی لەلایـــەن دەوڵـــەتانی ناوبـــراو یـــان پارلەمانەکانـیانەوە هەبێـت، کوردەکانـیان هـاندەداو هـەر ئـەو تاقمـەش پـاش ئـەوەی کـەبۆیان دەرکـەوت یاریـیان پـێکردوونو فـریودراونو درۆیـان لەگـەڵ کـراوە، خۆیـان پێیڕاناگیرێـتو بەرەو روسیا یـان هەندەران باردەکەنو بەبێ ئەوەی رەخنەیەك ئاراستەی دەســەلاتدارانی ئــازەریو ئەرمـــەنی بەتایــبەتی ئەرمەنیـــیەکان کەدەستیان بەسـەر ناوچـەکەدا گـرتو پشتیان لەهەموو بەڵێنو وتـەکانی خۆیــان کــرد" بکـــەنو ژمارەیەکــیان ئێســتا خۆیــان بەپارچـەکانیتر یان پارتەکانی تری کوردستانەوە خەریککردووەو تێکەڵـیان بـوونو متقـیان لەسەر گێرەوکێشەی کوردی سۆڤیەت لـێوەنایەتو هـەر دەڵـێی لەسـۆڤیەتی جـاران کـورد نـەماوە یان گێرەوکێشەیان نییە.

هەندێکیشیان کەدەزانن پارتەکانی باشووری کوردستان ئەمڕۆ ناوو دەسەڵاتو دەستیان دەڕوات، جاروبار هەرکاتێك کەدراوی ناوباخەڵیان کەمدەبێتەوە سەردانی باشووری کوردستان دەکەن، لەوێش لێیان ناپرسن چیتان کردووەو ئەگەر کردوویانە بەرهەمەکانیان لەلایەن چەند پسپۆڕو زانایەکەوە هەڵبسەنگێندرێت، کەئایا بابەتە نویٚو لێکۆڵینەوەکانیان بەکەڵك دێن یان دووپاتکردنەوەی ئەوەیە، کەپێشتر نووسیویانەو ئایا قازانجیان زۆرترە یان زیانیان؟

خۆ داوایان لێناکەن کەشتێك لەسەر یان بۆ کوردە داماوەکانی خۆیان بکەنو بنووسنو رۆژنامەو گۆڤار دەربکەنو ئەو گێرەوکێشانە کەبەرەوڕوویان بوونەتەوە باس بکەنو داوا لەکاربەدەستانی ئەو ناوچەو کۆمارو شارانەش کەکوردەکان تێیدا دەژین بکەن، کەداخوازیو پێداویستییەکانیان جێبەجێ بکەن یان قوتابخانەیەك بۆ منداڵانی کورد بکەنەوە یان ناوەندو کۆمەڵە رێکبخەن، کەدیاسپەری کوردی لەدەوریان کۆبکرێتەوەو بۆ

بەرزکـردنەوەی ئاسـتی کەلـتووری و خوێـندەواری و بارهێـنانی کـادرو...هـتد چالاکی بنوێنن، کەس دژی هاوکاری و پشتیوانیی مـادی و مەعـنەوی بـۆ ئەرکـێکی وا پیرۆز نییەو هەتا زۆرتریش بکرێـت باشـترە، بـەڵام دەبێـت بەرهـەمدارو بـۆ مەبەسـت بێـت، ئەگـەریش جاروبـار پشـتگیری لـەکوردی پارچەکانیتر بەتایبەتی کوردستانی باشوور بکەن" دەبێت سوپاسیان بکرێت، نەك ئەوەی تائێستا بۆ پارتێك یان بەشێکی کوردستـان کردوویانەو هەرباسی کێشـەی خۆیـان ناکـەن و بقەیـە، ئـەویش پـاش ئـەو هـەموو کارەسـاتانەی کـە بەسـەریاندا هـاتووەو ئـیمڕۆیش بـەرەوڕووی تراژیدیایەکی نوێ بوونەتەوە.

یارمـەتی و بانگهێشـتی کوردی سۆڤیەت دەبێت بۆ ئەوانە بێت کـەدەورو کەسـایەتییان لـەناو کوردەکـانی سـۆڤیەت هەیـەو رابـردوویان خـراپ نییـەو چـالاکی و هەڵوێسـتیان بۆ گەلەکەیان هـەبووە. پـارت و رێکخـراوە سیاسییەکانی کوردی چ لەدەرەوەو چ لـەناوەوەی کوردسـتان بەتایبـەتی کوردستانی باشوور، کەبواریان

زۆرتــرەو دامودەزگاکــانی راگەیاندنــیان بەهــێزە پێویــستە هاوولاتــیانی کوردســتان لــەبارودۆخی کوردەکــانی پێشــووی سـۆڤیەت ئاگـادار بکەنـەوەو ریـپۆرتاژو فیـلمو وتوویژیان لەسەر بڵاوبکەنــەوە، کــوردی ســۆڤیەت ئــەوە نــەبوون کــە بــەکوردی پارچــەکانیتر ناســێندرابوون، کاتــێك دەســەڵاتدارانی پێشــوو و ئەمڕۆی روسیاو کۆمارەکانیتر دانیان بەو تاوانانەی کە لەئاستی کــوردو گەلانیتــر هێــناوە، بــۆ دەبێــت ئەمڕۆ سڵ لەوە بکرێتەوە ئــەوەی دوێــنێ بەســەریاندا هــاتووەو ئەمــڕۆ پێــیان دەکرێــت لەقاونەدرێت.

ئــەی بــۆ ئــەو گەلانــەی کــە لەگــەڵ کورد دەربەدەرکران، نەتەنیا قــەوارەی نەتــەوەیی خۆیــان دروســتکردەوەو گەڕانــەوە بــۆ ولاتــی خۆیــانو داوای زەرەروزیانــیش دەکــەنو ئەمــڕۆ لەنیشــتمانەکەی خۆیــان سەدان پەرتووكو دەیان فیلمو هەزاران وتوویژو بیرەوەریو وتاریـــان لەســـەر ئەوکارەســـاتانەی کەبەســـەریاندا هـــاتووە دروســـتکردووەو یـــادی ســـاڵانەی دوورخســـتنەوەیان دەکەنـــەوەو

لەتەواوی تەلەفزیۆنەکانو چاپەمەنییەکاندا بڵاوو نیشاندەدەنو پەیکەریان بۆ قوربانییەکانیان دروستکردووە یان پسپۆڕی گەلانیتر لەکۆمارو شارەکانی تری پێشووی سۆڤیەت ڕۆژنامەو گۆڤار دەردەکەن، ناوەندی چاندەو کەلتوورییان دامەزراندووەو گرووپی مۆسیقاو هونەرییان هەیە، کە بەهۆی بەشداریکردنیان لەیادو جەژنەکانی گەلانیتر خۆیان بەهەموان دەناسێنن، کەچی کورد لەدوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت کۆمەڵە شەڕێکی خوێناوی کەبنەمای سەرچاوە یان هۆکانیان لەسەر خاك (تریتۆریا)و کێشەی نەتەوەیی لەگەڵ ناکۆکیی کۆنو دەسەڵات روویان دا، کە تائەمڕۆش چارەسەر نەکراونو هەردەم مەترسی هەڵگیرسانەوەو پێکداچوونی نوێو شەڕێکی خوێناویی نێوان ئەو گەلانە یان ئەو کۆمارانە دەکرێت، چونکە هێزەکانیان تائێستاش بەرامبەر بەیەك راوەستاونو ئەو لایەنە دژانە تەواوی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر بڕیوەو هەمیشەش دژی یەکتر پڕوپاگەندە دەکەن، بۆ نموونە: ئازەربایجانو ئەرمەنستان، ئابخازیا و

جۆرجیا، کۆماره ئۆتۆنۆمییەکانی ئینگۆش‌و ئەستین لەڕوسیای فیدراتیڤی‌و گەلێك وێنەی‌تر هەموویان بەپێچەوانەی ئیدعاکانی دەسەلاتدارانی دەوڵەتی پارتی یەکێتیی سۆڤیەت کەکێشەی نەتەوایەتیی گەلان لەیەکێتیی سۆڤیەت چارەسەرکراوەو یان تەواوی گەلانی سۆڤیەت مافی یەکسانییان هەیەو...هتد.

ئەنجام یان میراسی ئەو سیاسەتە بوو کە بەپێچەوانە دەرچوو، گەلێك کۆمار یان نەتەوەی پێشووی لەچوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا لەسەر حسابی گەلان‌و نیشتمانی گەلانی بچووکتر دروست یان گەورە کران‌و دەسەلاتی زیاتریان بەنەتەوە دەسەلاتدارەکان داو بگرە هەندێکیشیان وەك کورد، بێ کیان‌و بێ ماف کران‌و هیچ قەوارە یان بەڕێوەبەرایەتی یان کیانێك یان مافێکی کەلتوورییان پێنەدراو پەراگەندەکران یان لەناو گەلانی تردا توانەوەو ناویان نەماوەو سڕاونەتەوە.

ئێمە لێرە لەبەرئەوە لەمەبەستی وتارەکە لانەدەین‌و دوورنەکەوینەوە، باسەکەمان لەسەر کوردە، کوردی بێ کیان‌و بێ

قــەوارەو بـــێ مـــافو دەربـــەدەرەکانی ســـۆڤیەتە، کـــەدوای هەڵوەشـــاندنەوە ئـــەو ئیمپراتۆریـــیەتە رۆژ لـــەدوای رۆژ لەچـــاو گەلانی‌تـر زووتـرو زیاتـر هەسـتیان بەمەترسـی کـرد، لەلایـەك مانـەوەیان لەچوارچـێوەی ئـەو کۆمارانـەی سـۆڤیەتی پێشـوو بەتایـبەت لـەکۆمارەکانی ئازەربایجـانو ئەرمەنسـتان لەبـەر چەوســاندنەوەو بــێمافیو پەرەســەندنی ناســیۆنالیزمو بگــرە رەگەزپەرسـتانە دەسـەڵاتدارانو تـاقمو گرووپی‌تـر لـەو کۆمارانـە بەرامـبەر نەتەوەکانی تری دانیشتووی وڵاتەکەیان.

ئـەو شـەڕە خوێناوییەی کە لەنێوانیاندا لەسەر ناگۆرنۆ قەرەباخ روویــداو ســەرەنجام بــەهۆی ئــاڵۆزبوونی بــاری ژیــانو قەیــرانی ئـابووری، پاشمـاوەی کوردەکـانی ئـەوێ ناچـار بـۆ بژێویی خۆیان روویانکـردە روسیا. زۆربەیان ماڵو سەروسامانی خۆیان فرۆشت، تــا لەتاراوگــە ســەرو پەنایــەك بــۆ خاوخێزانــیان پێکبهێــننو پاسپۆرتی خۆیان گۆڕیو بوون بەهاووڵاتی روسیاو دەستیان دایە کارکـردنو ئەوانـەیش کـەتواناى کڕیـنی خانووبـەرە یان گۆڕینی

پاسپۆرتیان نەبوو، کەزۆربەی ئاوارەکانیان پێکدەهێنا، خەریکی کاری ڕەش‌و هەرزان بوون، کەگەلێکجار بەهۆی هاتنی نائاسایی‌و نەبوونی ئیقامە لەلایەن پۆلیسەوە جەریمە دەکران یان تووشی وەدەرنان‌و ڕاگرتنیان لەناوەندەکانی پۆلیس‌و سووکایەتی دەبوون.

ژمارەیەك لەوانە ناچار گوند بەگوند یان شار بەشار جێگەی خۆیان دەگۆڕی‌و جگە لەڕوسیا شوێنێکی‌تر نەبوو کەبتوانن کاربکەن‌و خۆیانی پێبژێنن‌و لەبەر ئالۆزبوونی باری ئابووری بەتایبەتی لەئەرمەنستان‌و ئازەربایجان، ئەمجارە نەتەنیا ژمارەی ئاوارەکانی کورد بۆ روسیا زیاتر بوو، بەلکو ئەرمەنی‌و ئازەری‌و نەتەوەکانی تریشی گرتەوە، بەچەشنێك کە لەسی ئەرمەنی دووانیان لەدەرەوەی ئەرمەنستان دەژین، کەزۆربەیان لەڕوسیا دەژین‌و بەپێی سەرچاوەکان دوو ملیۆن ئازەری بەس لەڕوسیا دەژین، جگە لەئازەری‌و ئەرمەنی" چەند ملیۆنی تری خەلکی کۆمارەکانی تری سۆڤیەتی پێشوو کەزۆربەیان بەشێوەیەکی

ئاسایی هاتوون لەڕوسیا دەژین، کەئەوانیش لەبەر ناخۆشی ژیان‌و هەژاری روویانکردووەتە روسیاو روسیاش سەرەڕای ئەو قەیران‌و گرانییە لەچاو کۆمارەکانی‌تر باشترە، هەر بۆیە خەڵك رووی تێدەکەن.

ئەوەشمان لەبیرنەچێت" کەپاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت بیست‌وشەش ملیۆن روس‌و روسی زمان کەزۆربەیان روسن لەدەرەوەی روسیا واتە لەکۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت مانەوەو دەژیان، کە بەپێی هەندێك سەرچاوە تائێستا هەشت ملیۆنیان گەڕاونەتەوە، واتە ژمارەی ئەوان لەهی ئاوارەو پەنابەرە ئاسایی‌و نائاساییەکانی روسیا زیاترە.

بەجیابوونەوەی کۆمارەکانی سۆڤیەت‌و راگەیاندنی سەربەخۆییەوە، ئینتەرناسیۆنالیزم‌و برایەتیی گەلان‌و...هتد وەلاناو هەر ئەوانیش بوون شەڕەکانیان هەڵگیرساندو تەنگیان بەگەلانی بچووك یان لاوازەوە هەڵچنی‌و سیاسەتی رەگەزپەرستانەیان گرتەبەرو ئەنجامەکەی ئەو شەڕە قورس‌و

خوێناوییانه بوو کەدنیا ئاگاداریان بوو، هەندێکیان ناوی پارتی کۆمۆنیستیان گۆڕی یان پارتێکی تریان دامەزراندو (٣٦٠ )دەرەجە خولیان دایەوەو هەندێکیان چوونە حەج و هەندێك لەکەنیسەکان گوناحەکانی رابردووی خۆیان شووشتەوەو بگرە کەوتنە لێدانی رێکخراوو پارتە پێشکەوتوو و ئازادیخوازو ئۆپۆزسیۆنەکان و زۆربەیان ئەوە دوو سێ خولە خۆیان بەزۆر دەکەنە سەرۆك کۆمارو یەك دووانیش یان خۆیان بۆ هەمیشە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمارەکەیان هێشتووەتەوەو بگرە مرخی وەراسەتی دەسەلاتیشیان هەیە، کەپاش مردنیان کوڕو نەوەکانیان جێیان بگرنەوە، وەك: تورکمەن باشی (هاوری نیازوڤ) سەرۆك کۆماری تورکمەنستان، کەناوەکەشی گۆڕیوەو خۆی کردووەتە باوك و سەرۆکی هەموو تورکمەنەکان و دەیان پەیکەرو سەدان جادەو گۆڕەپان و شوێنی تری بەناوی خۆیەوە ناولێناوەو پارەکەشیان وێنەی هاوری تورکمەن باشی پێوەیەو ئیتر باسی دەوڵەمەندی و سەروسامانیان ناکرێت، کەخۆیان و بنەماڵەو کەسوکاریان

بەدەوڵەمەندترین کەسی وڵاتەکەیان یان لەریزی دەوڵەمەندەکانی دنیادا دادەنرێن، کەهەمووشی بەتاڵانکردنی خەڵك‌و سەروسامانی نیشتمان‌و گەلەکەی خۆیان بەدەستیانخستووەو گەلەکەی خۆیان لەهەژاری‌و برسێتیدا هێشتووەتەوەو رۆژ نییە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان پەردە لەسەر ئەوانە لانەدات، جگە لەسەرۆکەکانیان" کابینەی وەزیران‌و ئەندامانی پارلەمانەکانیان‌و بەگشتی هەموو دەزگاکانی بەرێوەبەرایەتیی یاسایی‌و لەشکری‌و... دەوڵەتەکەیان پەروەردەو گۆشکراو بەگشتی لەدایکبوونی سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی سۆڤیەتین، ئەوانەی فێری برایەتی‌و یەکسانی‌و...هتد کرابوون‌و ئەمرۆ دەسەڵاتیان لەدەستەو پشتیان لەهەموو پرەنسیپێکی مرۆڤانەو... کردووە.

ئەوانەی کەبۆ خۆیان یان بەچاوپۆشیی ئەوان ئەو هەموو تاوانانە بەرامبەر بەگەلانی‌تر دەکەن، بۆ خۆیان جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، کەچی ئەو مافە نەتەنیا بەگەلانی‌تر رەوانابینن، بەڵکو بۆ ئەو گەلانەش کەمافی ئۆتۆنۆمی یان کەلتووری یان

بەڕێوەبەرایەتی یان لەچوارچێوەی کۆمارەکەیان هەبوو، خەریکی تەسککردنەوەو سنووردارکردنیانن‌و بیانوویان پێدەفرۆشن‌و دەیانەوێت دیکتەیان پێبگێڕن یان ئاسیمیلایان بکەن، ئیتر بۆ کورد کە لەولاتەکەی خۆی راگوێزراوەو بەسەر (٩)کۆمارو دەیان شارو ناوچەی سۆڤیەتی پێشوودا دابەشکراوەو لەیەك داپچڕاوەو ناتوانێت پێکەوە دەنگ بەرزبکاتەوەو خواستەکانی داوا بکات‌و لانی کەم ناسنامەی هاوولاتی‌و کارو ژیانی هەبێت‌و مافی چاندن‌و کەلتووریی هەبێت، هەر باس ناکرێت یان چۆن باس بکرێت؟ پێشان دەولەتێکی یەکگرتوو واتە سۆڤیەت هەبوو هەندێك گیرەوکێشە وەك ناسنامە، ئیقامەو بێکاری، راونانی قڕەش‌و راگرتنی خەلك لەسەر کۆلان‌و جادەو لەناو مالاندا نەبوو، سووکایەتی‌و جەریمەی خەلك نەدەکرا، هاتوچۆ بوێرانە بوو، خەمی ئەوە نەبوو مندال بەبێ خوێندن‌و نەخۆش بێ دکتۆر بمێنێتەوە، بگرە کوردە دەرکراوو ئاوارەکان لەسەردەمی سۆڤیەت لەتاراوگە زۆرەملێکاندا لەناو روسی سیبریا یان کازاخی

کازاخستان یان ئۆزبەك کەمیوانی بانگ نەکراوو هاوولاتیی داسەپێنراو بوون باوەك بێگانەش چاویان لێکرابێت، کەس نەیدەوێرا سووکایەتییان پێبکات یان وەدەریان بنێت، پێشان دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەوانەی دوورخستبووەوەو نەیدەهێشت سووکایەتییان پێبکرێت، چونکە بۆ خۆی تاوانبارو بەرپرسی چاردنووسیان بوو، دەبووایە پارێزگاریی مانەوەیان بکاتو گیرگرفتێکیشیان هەبووایە هەم دەوڵەتو هەم پارتی کۆمۆنیست هەبوو کەپەنای بۆبەرن، کەئەمرۆ هیچکامیان نەماون.

ئەمرۆ لەچەند کۆماری سەربەخۆو لەچەند ناوچەی ئۆتۆنۆمیو شارو ناوچەو گوند دەژین، کە لەناو یان لەژێر دەستی نەتەوەی خاوەن کیان یان بالادەست یان دەسەلاتداری ئەویَ دەژینو بیانوو بۆ تەنگپێهەڵچنینو دەرکردنیان زۆرە، پێیان دەڵێن" بگەرێنەوە جێوشوێنی خۆتان، کەرِوونکردنەوەی ئەم جێوشوێنەش زۆر

زەحمەتە بۆیان یان دەڵێن" ئێمە نەمانهێناون، میوان بوون بەسەو... بڕۆن.

واتە کەشوهەوایەکی وا بۆ هەردوولا دروستبووە، کەکوردەکە خۆی بەبیانیو میوان دەزانێت (ئەگەریش دابنێین کەخاوەن ماڵ سووکایەتییان پێنەکەنو دەریان نەکەن) خۆ ئەوا بەچاوێکی باش تەماشایان ناکات، کوردە دوورخراوەکان ناسنامەی ئەو کۆمارانەیان هەیە، کەزۆربەیان واتە (٦٠ تا ٧٠)ساڵ بەسەر گواستنەوە بۆ ئەو کۆمارانە تێپەڕیوەو لەوێ لەدایکبوونو هاوڵاتیی ئەوێن، بەتایبەتی جیلی نوێ کە (٦٠-٧٠)ساڵ بەسەر دوورخستنەوەی باووباپیرانیان تێپەڕبووەو نیشتمانی خۆیان نەدیوەو تەنیا بۆیان باسکردوونو نازانن چۆنەو لەکوێو کەمیان ئاگایان لەقوولایی کارەساتی گواستنەوەی باوو باپیرانیان هەیە.

نەتەوەکانی خاوەن کیانو دەوڵەت، کە لەهەندەران تەنگیان پێهەڵدەچنن، دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیانو خزمو کەسوکارو گوندو شارو خانووبەرەیەکیان هەیە بحەوێنەوەو دەوڵەتەکەیان

حاشایان لێناکات، بەڵام (کورد) کێ هەیە پشتگیریی لێبکات؟! کێ چاوەڕێی دەکات؟! وڵاتی نییە، هەیبوو لێی زەوتکراوەو لێی سەندراوەو لێی داگیرکراوە، با پاسپۆرتی کازاخی، ئازەری، ئەرمەنی یان بەگشتی سۆڤیەتیی هەبێتو هاووڵاتی یان لەدایکبووی ئەوێ بن، وەك ئەرمەنی یان کازاخی یان ئازەری یان روس-یش پێشوازیی لێناکرێت، یارمەتی نادرێت، بەڵکو حاشاشی لێدەکرێت، کوردە، یەزیدییە، موسڵمانە، کاریان بەسەرەوە نییە، ئەوەندە بەسە لەخۆیان نییەو لەنەتەوەیەکیترە، پێشتر باسی ئەوەشم کرد" کەکورد وەك گەلانیتر لەڕوسیاو کۆمارەکانیتر لوبەیشی نییە تا بیانپارێزێت.

کوردەکان لەسەردەمی سۆڤیەت هەم لەلایەن موسکۆو هەم لەلایەن باکۆو ئێرەڤانەوە مافیان پێشێلکراو دەرکرانو پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت لەهەموولایەکەوە تەنگیان پێهەڵچنرا، ئەمڕۆ چۆن چاوەڕێ دەکرێت مافیان بدەنێ یان وەریانبگرن وەك هاووڵاتی؟

ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان لەگەڵ کۆمیتەکانی پەنابەرانو UN ،
لەبەر بیرۆکراتییەتو دزیو تاڵانو کەمبوونی کەرەستەو پارەو
زۆربوونی پەنابەران، ئەمڕۆ ناتوانن پارێزگاریو یارمەتییان بدەن،
یاساو پەیمانەکانی نێونەتەوەیی سەبارەت بەمافی مرۆڤو
وەرگرتنی پەنابەران، کەهەموو کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو
ئیمزایان کردووە، نەتەنیا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو یاساکانی
خۆشیان پراکتیکیان نییە، بوونەتە یاسای بنچینەیی زۆربەی
کۆمارەکان، هەموو مافو بەرپرسیارێتی هاوولاتیانی خۆیان
بەبێ ڕەچاوگرتنی ڕەگەزو ئولو...هتد مسۆگەر کردووە یان
هەرکەس لەوێ لەدایکبووبێتو تاڕوخانی سۆڤیەت لەوێ
بووبێت، مافی هاوولاتیی پێدەدرێت، کەلێرەدا ناچینە قوولاییو
لێکۆڵینەوەیان، بەلام ئەم یاسایە بۆ هەموو کەس نییە، بەڵکو
زیاتر بۆ خەڵکی ئەو کۆمارانەیە کەپەیوەندی یان پەیمانی
دۆستانەو ستراتیژییان هەیە، وەك روسیاو ئەرمینیا یاخود

کۆمارێکیان لەوی دیکەیان دەترسێتو ناوێرێت مافی هاوولاتیانی پێشێل بکاتو...هتد.

نووسەری ئەم وتارە بەهەلکەوت چاوی بەکوردێکی پەنابەری روسیا کەوت، کە لەیەکێك لەبازارەکانی مۆسکۆدا ئیش دەکاتو مانگانە لەخاوەن کارەکە وەردەگرێتو ژنو مندالّی هەیەو هەشت سالّە هاتووەتە مۆسکۆو لەوێ خانووبەرەکەی فرۆشتووە، تا خۆیو ژنو مندالّو باوكو دایکی گەیاندووەتە مۆسکۆ، خانووی بەکرێ گرتووە، هیچکامیان ئیقامەیان نییەو ماوەی پاسپۆرتەکەیشی بەسەرداچووەو پاسپۆرتی روسیشی نییەو کۆنەکەشی بۆی نوێ ناکەنەوە، بەپۆلیسی بازارەکە مانگانە پارە دەدات تا جەریمەی نەکەنو لەو شوێنەش کەخانووی بەکرێ گرتووە پۆلیسی ئەوێش جاروبار دێتە سەریانو دەبێت ئەوانیش رازی بکات. دەیوت" ئەگەر بگەرێمەوە ئەو کۆمارەی کەپاسپۆرتی ئەوێم هەیە، ئێستا ڤیزای دەوێت، لەوێش لەبەرئەوەی خانووبەرەکەم فرۆشتووە بەبێ ئەوە پاسپۆرتەکەم نوێ ناکەنەوەو

دەبێت رەشوە بدەم، جگە لەوە خەرجی رۆیشتن و گەڕانەوە زۆرە، جاروبار بەتاکسی دەگەڕێتەوە ماڵ تا لەڕێدا نەیگرن، کەتەواو بۆی گران دەبێت و دەیوت" وەك من زۆرن و لەمنیش خراپتر هەیە، واتە" ئەوانەی وەك من ئیشیان دەستناکەوێت، دەیوت" جاروباریش پیاوەکانی یەکێك لەپارتە کوردەکان دێنە لای و داوای یارمەتیی بۆ پارتی لێدەکەن، منداڵێکی گەورەی تەمەن (٩ )ساڵەی هەیە هێشتا نەچووەتە قوتابخانە لەبەرئەوەی باوکی ئیقامەی نییە، دایکی منداڵەکانیش ناوێرێت بەتەنها بێتە دەرێ، پۆلیس داوای ئیقامەو پاسپۆرتی لێدەکات و ناچارە لەگەڵ یەکێك لەمنداڵەکانی بێتە دەرێ، وتی" باسی ئەوە ناکەم چەند جار پاسپۆرتە بێکەڵك و بەسەرچووەکەمیان بردووە یاخود منیان بردووەتە ناوەندی پۆلیس و چییان پێکردووم، سکاڵای زۆربوو لەفەلەکی خائین و لەڕوم و لەفلان کرد، هەر دەتوت دەیەوێت بڵێت: "کورد بوون تاوانە"، چارەنووسی وایە، جگە لەزمانی کوردی چوار زمانی تر واتە ئازەری و ئەرمەنی و جۆرجیایی و

روسـی دەزانێتو لەچوار ولاّت ژیانی بردووەتە سەرو ورەی بەرزەو بەهـیوایەك وەك خۆی دەیوت" ئێمەش دەبێت کۆمارمان هەبێتو تەنیا خەمێك کەهەیبوو ئەوەبوو" بێکار بکەوێتو... گوێگرتن بۆ ئـەو کـوردە دڵێکی بەهێزی دەوێتو هۆنینەوەی بەسەرهاتی ئەوو سەدان کوردیتر پسپۆڕییان دەوێت.

لەسـۆڤیەتی جـاران کێشـەی کـورد (پرسـیارێکی داخـراو) یان تیمـێکی داخـراوە بـووە، هەر بۆیە کۆمـەڵگەی سۆڤیەتی ئاگایان نەتەنـیا لەکێشـەی کوردەکـانی خۆیـان نیـیە، بەڵکو کوردەکانی دەرەوەش نیـیە، ئـەویش لەبـەر ئەو پەیوەندییە باشانەی کە لەگەڵ رژێمـە داگیرکـەرەکاندا هەیانـبوو، جگـە لـەوەش رەفـتاری خودی رژێمـی سـۆڤیەتی بەرامـبەر بـەکوردەکانی خـۆی دیمەنێکی باش نـەبوو، کیانێکـیان نـەبوو، مافێکـیان نـەبوو تارەخـنە لەرژێمـە داگیرکەرەکانی تری کوردستان بگرن.

پێموایە" ئەگەر دەسەڵاتدارانی روسیای ئەمڕۆ کێشەی کوردیان بەگـەلانی خۆیـان ناسـیبایەو یارمەتـیی کوردیـان لەڕابـردوودا

لەشـەڕەكانی روسـیا لەگـەڵ عوسمـانیو پاشاكانی ئێران بەڕوسیا وەبیرهێـنابایەو باسیانكردبایە، كەكورد چ قوربانییەكی بۆ داون، بارودۆخی كورد لەڕوسیا شتێكیتر دەبوو.

روسـیاو سـۆڤیێت گەلـێكجار بەڵێـنی یارمـەتیو دروستكردنی كیانـیان بـەكورد داوە، كـە نەتەنـیا بەجێیان نەگەیاندووە، بەڵكو لەسـەركوتكردنی بزووتـنەوەكانی كورد پشتگیری داگیركەرەكانی كوردسـتانیان كـردووەو چـەند جارێكـیش راسـتەوخۆ هـێزەكانی سـۆڤیەت شانبەشـانی هـێزە داگیركەرەكانی كوردستان بەشداری سـەركوتكردنی بزووتـنەوەكانی كـورد بـوون، بـۆ نموونـە: بزووتـنەوەكانی سمكـۆ، شـێخ سـەعیدو ئاگـری (ئـارارات)، كـە تائێـستاش كوردناسەكانیان لەمبارەیەوە لاڵو بێزمانن، وەنەبێت نـەزانن ئـێمەی كـورد بـۆ خۆیشـمان لەمبارەیەوە تاوانبارین، خۆ ئەمـڕۆ روسـەكان بـۆ خۆیـان رۆژانە بەدەركردنی پەرتووكو وتارو بەرنامـەی تایبەت بەبەڵگەو دۆكیومێنتەكانی دەزگاكانی (KGBو پۆلـیسو...) باسـی تـاوانی بەلشـەویكەكانو رژێمـی سـۆڤیەتی

دەکەن، کەچەند ملیۆن لەگەڵی روسیایان لەناوبردووە، ئەوەو کوڕو کچو ژنو کەسوکاریان دەهێننە سەر تەلەفزیۆنەکانو باسی ئەو تاوانانە دەکەن، بەڵام بۆ کورد دەبێت هەتا ئەمڕۆش لەو هەموو تاوانو نارەواییەی کەبەرامبەری کراوە دەبێت بێدەنگبن!!

باسکردنی ئەو تاوانانە بەمانای دژایەتیی روسیاو بەرژەوەندییەکانیان نەبووەو نایەوێت لەبەرئەوە دژایەتیکردنو بچڕاندنی پەیوەندی لەبەرژەوەندیی هیچ لایەك نییە، بەتایبەتی بۆ کورد کەئەمڕۆ پێویستی بەهاوکاریو پشتیوانی هەمووﻻیەك هەیەو دەیەوێت کەگەلانی روسیاو دەوڵەتەکەیان لەکێشە ڕەواکەی تێبگەن، گەلێکجار لەکوردناسەکان پرسیار دەکرێت" بۆ لەسەر کوردی وڵاتەکەی خۆتان نانووسنو هەڵوێستتان نییە؟ هەندێکیان لەنووسینەکانی پێشووی خۆیان ئاماژەیان بەوەکردووە" کەکوردی سۆڤیەت بەختەوەرترین کوردی پارچەکانی تری کوردستاننو هەموو مافێکیان هەیەو لەمرۆڤی دنیا جیاوازن.. یان نووسیویانە" لەسایەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو

سیستمی سۆسیالیستییەوە" واو ئەمەو ئەوە کراوە.. خۆ ئەمڕۆ وەنەبێت بواریان نەبێت هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوەو بنووسن شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ئەو سیستمە لەسەرەتادا بەناوی کەلکنیڤی زاسیاو رازکولاچیستڤاو دەوڵەتیکردنی هەموو سەروسامانی ئەو خەڵکەو هەروەها بەزۆر جێگیرکردنی ئاژەڵدارانی کورد، کەئابووریو ژیانی ئەو خەڵکە بوو، هەموو شتێکیان لەدەست دا، پاشانیش هەر ئەم شۆڕشەو ئەم سیستمە یارمەتی داگیرکەرانی وڵاتی کوردی داو هەر ئەم ڕژێمە بوو کەکوردەکانی وڵاتەکەی خۆی چەند جار بەزۆر بۆ کۆمارەکانیتر ڕاگواستوودو ناوچەکەیان یان بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبوو، ئەویش لێی سەندنەوە.

کوردەکانی سۆڤیەت کە لەقەفقازەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست بگرە تاسیبریا، گواسترانەوەو پەرشوبڵاو کراون، ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبووەو تائەمڕۆش نیانە، لەبەرئەوە ناوەند یان ڕێکخراوێکیان نەبووەو نییە، کەپێکەوە گرێیان

بداتو رۆژنامە یان گۆڤار یان چاپەمەنییەك دەربكاتو بەدەستیان بگاتو ئاگایان لەیەكتر بێت یان لەبارودۆخی بەشەكانی تری كوردستان رۆژنامەی (ڕێیاتازە)، كەئەو هەموو باسەیان لەسەركردووەو لەئێرەڤان دەرچووەو ئۆرگانی پارتی كۆمۆنیستی ئەرمینیا بووە، زۆربەی كوردی سۆڤیەت نەناویان بیستووەو نەدیویانە، جگە لەوەش كوردییان نەزانیوە تابیخوێننەوە، كوردی كازاخستان یان سیبریا یان ئۆزبەكستانو قرقیزستان یان توركمەنستان یان ئازەربایجان بەدەستیان نەگەیشتووەو نەكراوە دەیان هەزار نوسخە بەپۆست یان بەدەست بەوانە بگەیەندرێتو هەوڵیش نەدراوەو كەرەسەتەو پارەی پێویست بووەو... بەهەڵكەوت تەماشای دوو سێ ژمارەم كرد، راستە بەكوردی لاتینی نووسراوە، بەڵام خۆ وتارەكانی بڕیارەكانی پارتی كۆمۆنیستو دەوڵەتی یەكێتیی سۆڤیەتو كۆماری ئەرمەنستان پلنیۆمی حزبەكانیانو هەواڵی دەرەوەو ناوەوەو لەو بابەتانەی تێدایەو بەكوردی نووسراوەو باسی مێژوو و كەلتووری

کوردی تیّدا نییه، وەنەبیّت زۆر کەس‌و رووناکبیری کورد هەولّی بلاّوکردنەوەی ئەو بابەتانەیان لەو رۆژنامەیەدا نەدابیّت، بەلاّم نەیانهیّشتووە. هەروەها بواری دەرکردنی پەرتووك‌و لیّکۆلّینەوەیان لەسەر کوردی سۆڤیەت نەداوە، ئەگەرچی پەرتووك لەسەر شۆرِش‌و پارچەکانی تری کوردستان دەرچووە، کەزۆربەیان بەپیّی سیاسەتی رۆژی سۆڤیەت، کەلیّرە ناکریّت ئاماژەیان پیّبکریّت‌و سەیر ئەوەیە کەتەواوی ئەو پەرتووك‌و چاپەمەنییانەی کە لەماوەی ئەو هەموو سالّەدا لەسۆڤیەت دەرچووە، بەقەدەر ئەو پەرتووك‌و چاپەمەنییە کوردییانەی یەك سالّ یان دوو سالّی سوید نابن، ئەگەرچی لەویّ دیاسپەریّکی بچووکی کوردی لیّیەو بەپیّچەوانەی ئیّرە پەرتووکەکان نەکەوتوونەتە بەر سانسۆرو یان بەپیّی سیاسەتی رۆژی دەولّەتی سوید نووسرابن. لیّرە هەندیّکیان وا میّژووی کوردیان ئاوەژوو کردووەو شتی وایان نووسیوە، کەئەمرِۆ بۆ خۆیان شەرم دەکەن باسیان بکەن، جگە لەوە میّژوونووسانی سەردەمی نویّ واتە

ئەمڕۆی روسیا بۆ خۆیان مێژووی وڵاتەکەیان سەرلەنوێ دەنووسنەوەو دەرکەوتووە" کەئەوەی نووسیویانە راست نییە، بەڵکو بەپێی دیکتەو سیاسەتی بەلشەویکەکان نووسرابوو، کەئەوەش لەسەر کورد نووسراوە بەشێکە لەو بابەتانە.


ئیتر باسی ئەوە ناکرێت" کەکوردناسەکانی روس لەبەر نەزانینی زمانی کوردی کەڵکیان لەسەرچاوەی کوردی وەرنەگرتووە، ئینجا چۆن دەتوانن بزووتنەوەکانی کورد یان قۆناغێکی مێژوویی ئەو گەلە بەرێکوپێکی هەڵبسەنگێنن، کە بەداخەوە وەرگێراوی بەرهەمەکانیان بوونەتە ئایاتو لەم پەرتووکەوە بۆ ئەو پەرتووك دەگوازرێنەوە، بەبێ ئەوەی بەرپەرچ درابێتنەوە یان روونکردنەوەیەکیان لەلایەن نووسەرانی کوردەوە لەسەر کرابێت.


مەبەستی وتارەکە تاووتوێکردن یان لێکۆڵینەوە لەسەر کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو نەبوو، بەڵکو بانگەوازو ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ هەمووان، کەپێویستە لەلایەن روناکبیرو لێکۆڵەرو کەسایەتیو پارتو رێکخراوە

سیاسییەکانی کوردەوە بایەخیان پێبدرێت‌و هەرلایەك بەشێوەیەك دەتوانێت رێنوێنی‌و یارمەتییان بدات، نەك بۆ راکێشانیان بۆلای ئەم یان ئەو پارت‌و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد یان پارچەکانی کوردستان‌و بەهیچ شێوەیەك نابێت دەست لەکاروباریان وەربدەن‌و رێنوێنی بکرێن‌و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ ببەسترێت لەهاتنە سەرکاری گۆرباچۆڤ تائەمڕۆ، کە (١٧)ساڵ دەبێت‌و بواری زۆرشت هەبوو بیکەن‌و پەرە بەکەلتوورو پەروەردەی کادرو دانانی قوتابخانەو ناوەندی کوردی‌و...هتد زۆر بوو، بەلاّم نەکرا، یارمەتی پارت‌و رێکخراوو کەسایەتییەکانی پارچەکانی‌تر دەبێت بەخاوەن هەڵوێست‌و ئەوانەی کەرابردوویان پاك‌و لەناو کوردی سۆڤیەت ناسراوو رێزو دەورێکیان هەیە بێت‌و کارو بەرهەمەکانیان هەموو جارێك هەڵبسەنگێندرێن‌و بەگوێرەی پێویست جاروبار هەواڵ‌و چالاکیی کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو بەرێگەی دەزگاکانی چاپەمەنییەوە بگەیەندرێتە بەشەکانی تری کوردستان‌و ئەوانیش پێویست بەهەمان شێوە دەنگوباس‌و


ئـالوگۆڕی پارچـەکانی‌تر بەتایـبەتی دەسـتکەوتەکانی ئەمـڕۆی باشـووری کوردسـتان بگەیەنـنە هاوولاتـیانی خۆیـان، هـەوڵی وەرگـێڕانی زۆر پـەرتووکی بەنـرخ بـەزمـانی روسیو دیالەکتیکی کـرمـانجی بـۆ کـوردی سۆڤیەت بدرێت، خۆ گەلێك باشیش دەبوو کەژمارەیـەك لـەلاوەکانی کـوردی سـۆڤیەت لـەزانکۆکانی کوردسـتانی باشـوور بخوێـننو رووناکبیرو ناسراوی لەکوردەکانی کۆمـارەکانی سۆڤیەت دەعوەتی کوردستانی باشوور بکرێن، نەك بەتایـبەت بـەکۆمـار یـان دوو کۆمـار یـان تاقمـێکی دیاریکراوو بێکەڵك یـان کـوردی ئازەربایجانو کازاخستانو ئۆزبەکستانو... دەعـوەتو پەیوەندیـیان پـێوە بکرێـتو بگـرە پێویـستە رۆژنامـەنووسو هـەواڵدەرو کەسایەتیی کۆمـەڵایـەتی بەتایـبەتی کوردەکانی ئەوروپای باشووری کوردستان سەردانیان بکەن.





























**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)**

**سلێمانی 2004**